www.kurdistannet.org
9-3-2003 17:28

# گەر بتەوێ لە ( هاوڵاتی ) کار بکەیت
# سەرەتا دەبێ بیر لە ( کودەتا ) بکەیتەوە !!!

**دڵزار حەسەن**

ژمارە ( سفر ) ی هاوڵاتی وەرچەرخانێکی فرە رەهەند بوو لە بواری رۆژنامەگەری کوردیدا کە توانی بە ئەتەکێتێکی جیاوازتر لە رۆژنامە کوردیەکانی تر ئەزموونی ئەهلی بوونی خۆی پراکتیزە بکات، هەر ئەو مانا جوانانەی هاولاتی بوو سەرنجی زۆرێك لە خوێنەران و رۆشبیران و رۆژنامە نووسانی بۆ لای خۆی راکێشاو لە ماوەیەکی کەمیشدا توانی پانتایەکی بەر چاو لە گۆرەپانی رۆژنامە گەری کوردیدا داگیر بکات، ئا لێرەدا بوونی رۆژنامەی ئەهلی زەمینەیەکی تری رەخساند بۆ گواستنەوەی دیدگای خوێنەرو رۆشنبیران لە رۆژنامەی حیزبی و ئۆرگانیەوە بۆ قۆناغی رۆژنامە گەری ئازادو ئەهلی.

دیارە هەولاتی لە رێگای هەڵبژاردنی ناوەکەیو مانابەخشین و رەوایەتی دان بەهاوڵاتیبوون و ئازادی هاولاتی، وایکرد ستافێکی خۆبەخشوو شۆرشگێرانە لە هەناوی خۆیدا پەروەردە بکات. هەڵبەتە لە دوای ژمارە سفرەوە تیراژی هاولاتی ( هەزارو پێنج سەد) دانەبوو بە رەبەرەش تیراژەکەی پەرەی سەند تا گەیشتە ( هەشت هەزار) ستافەکەشی سەرەتا (پانزە) ئەندام بوو پاشان گەیشت بە ( سی و دوو) کارمەند ( حەوت) یان لە دەستەی نووسەران و ( سێ) شیان لە خاوەن ( ئیمتیاز) و ( سەرنووسەر) و ( سکرتێری نووسین) بوون، باقیەکەیتریشی بەسیفەتی ( پەیامنێر) لە نووسینگەکانی ( هەولێر) و( سلێمانی) و ( دهۆك) و ( سۆران) کارو باری پەیامنێرییان ئەنجامدەدا، موچەی هەر یەکێك لە پەیامنێرەکان لە ( سێ سەد) تا ( پێنج سەد) دینار بوو، دەستەی نووسەرانیش ( هەزار) دینار بوو ئەمە لە حالەتی ئاساییدا، لە حاڵەتی نا ئاسایش هی وایان هەبوو بۆی کەم دەکرایەوە هی واشیان هەبوو وەکو خۆی دەمایەوە هی واش هەبوو زیاتری وەردەگرت، کاروباری داراییش تەنها خاوەن ئیمتیاز چاودێری دەکرد بە حوکمی ئەوەی لەسەرەتاکانەوە برِی ( شەست هەزار) دیناری بەقەرز لە بەرامبەر خاوەن ئیمتیازیەکەی کەبە هەفتەنامەی هاولاتی دابوو، تا لە ژمارە ( هەژدە) پارەکە کۆتایی پێهاتوو نەخشەی مەسروفاتی پارەکەشی بلاو کرایەوە لە هاولاتیدا، لە دوای ئەودا دوو هەفتە هەولاتی راگیراو پاشان بیر لەوە کرایەوە کە لە رێگای سیستەمی ( سەهم) کرینەوە جارێکی تر رۆژنامەکە دەر بکرێتەوە ئەمیش بەوەی کە تەکلیف لەو دۆست و رۆشنبیران و دەولەمەندانە بکرێت کە چەند سەهمێك بکرن لە برِی پێدانی چەند ژمارەیەکی هەولاتیدا، ئەو سیستەمەش کە تەقەنیاتێکی دوونیای لیبرالی ئازادە لە دوای ئەو پرۆسەیە ئیدی هیچ مانایەك بۆ خاوەن ئیمتیاز ناهێلێتەوە بەلکو ئەوانەی سەهمەکە دەکرن بێگومان هەر خۆشیان دەبنە خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەکەو سەهمی خۆیان لە رێگای بەخشینی پارەکەیانەوە دەکەوێتە ناو سەرمایەی ماددی و ماعنەوەی هاولاتیەوە، بەلاّم وەلامی دەولەمەندو رۆشنبیران وخوێنەرانی هەفتەنامە ئەوە نەبوو کە سەهمەکە بکرن بەلکو هەریەکەیان لە جێگای خۆیەوە برِی پارەیەکی دیاری کراویان لە رێگای نووسینگەکاندا چ لە کوردستان وچ لە ئەوروپا وە گەیاندە چاپخانەو جارێکی تر هەفتەنامە رووحی بە بەردا کرایەوە، ئیدی لەو رۆژە بەدواوە یارمەتیەکان لە هەموو لایەکەوە بەردەوامبوو بێگومان لە دوای ئەو ماوەیەشدا تیراژی هاولاتی بەرەو زیاد بوون رۆیی و لە بەرامبەر ئەوەدا سودێکی زۆریکردو نەك هەر قەرزە کۆنەکەی خاوەن ئیمتیازی دایەوە بەلکو چاپخانە بووە خاوەن سەرمایەیەکی پتەوەی تایبەت بە خۆشی، ئالێرەدا کاری خاوەن ئیمتیاز لە پرۆژەیەکی ئەخلاقی و رۆشنبیریەوە چووە نێو کەش و هەوایەکی ترەوە کە ئەویش بازرگانیکردن و دروست کردنی سەرمایەیەکی ماددیو ماعنەوی تایبەت بەخۆیی و کوتلەکەیبوە، ئەو کردەوەیەش بە ئاشکرا هەستی پێکراوەو کەسە نزیکەکانی ئەویش بەشێك لە و سەرمایەیان دەست کەوت و لە گیرفانی بەتاڵ و چالاکی شۆرشگێرانەیان کە سەرەتا باوریان پێبوو چووە قۆناغی پرِ کردنی گیرفانەکانیان و دەستە بەر کردنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ لایەن و کەسایەتیە سیاسی و بورجوازیەکان، بۆ خۆشیان لە پەنای ئەوەدا خەریکی سازکردنی سەرمایەی ماددی و ماعنەوەی بوون لە رێگای ئەو هاوپەیمانیەتیەوە.

هەڵبەتە هەیکەلی ئیداری هاولاتی دەبوا لە ژمارە ( پەنجا)دا کە کەوتبوە سەر پێی خۆی بیر لەوە بکاتەوە سیستەمێکی دارایی لە رێگای لیژنەیەکی شارەزا لە ناو ستافی هاولاتیدا دروست بکات تا میزانیەی هەفتەنامە لەگەڵ چاپخانەی رەنج جوودا بکەنەوەو خاوەن ئیمتیازەکەشی کە لەبەر قەرزەکۆنەکەیەوە ببوە خاوەن ئیمتیاز ئیدی بیر لە لابردنی بکرابایەوە و هەیکەلی هاولاتیش دەبوا پەنا بۆ سیستەمی ئەنجوومەنەکان ببات تا رێژەیەك بۆ زەمەنی پۆستی سەرنووسەر و جێگیر و سکرتێرو دەستەی نووسەران دابنێت، بۆ

ئەوەی ئەو هەیکەلە ( تاپۆ)نەبێت بەسەر کەسانێك و ئەوانیتریشی لێبێبەش بکرێت، گەر بەو ئەتەکێتە کار لەسەر گۆڕینی کایەکانی ناو هەیکەلی ئیداری هاولآتی کرا بێگومان هەفتەنامە لە دۆخی ئیحتیکار کردن و ئەقلییەتی باوکایەتیانەوە دەچووە دۆخی ڕێزگرتن و ئیمتیاز بەخشین بۆ هەولّی کەسانی تر و کەفائەتی کارمەندەکانی تریەوە کەهی وایان تێدایە بەشی ( شێر) ی بەر دەکەوێت گەر داد وەریەکی بەویژدانانە بۆ ئامادە بوون و ڕەنجی ( ئەو) و( ئەم) بکرابایە، بەلآم چیبکەم کوتلەچیەکانی سلێمانی ئامادە نین نەك هەر مافی کەسانی لە خۆیان باشتر بدەن بەلّکو ئامادەشنین ڕێزیشیان لێنێن، باشترین نمونەشم بۆ ئەو سیفەتە دیکتاتۆرانیەو خۆپەرستانەی ئەوان لەبەرامبەر کارمەندەکانیانەوە ئەوەیە کە هاتن بەبێ هیچ بیانوویەکی شەرعیەوە سیستەمی موکافەئاتیان بۆ پەیامنێرەکان دانا کە هەموو لایەکمان دەزانین ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕێگا و ڕەنج و شانی ئەوانەوە ئاکامی بەو ڕۆژە گەیشت هی وا هەبوو لەو پەیامنێرانە لەسەر نووسەرەکەش ماندووتر بوو، بەلآم لەبازاڕی ئەو کوتلەچیانەوە جەنابی سەر نووسەرەو ئەمیش دەبێ بە موکافەئە کار بکات ! !

دیارە ئەم بڕیارەش تەنها خاوەن ئیمتیازو هەندێك لە ستافی سلێمانی پێی هەلّساون بێ ئەوەی نووسینگەکانی تری لێ ئاگادار بکەنەوە، کاتێکیش نووسینگەی هەولێر نارەزایی دەربڕی خاوەن ئیمتیاز نەك هەر گوێی پێنەدان بەلّکو قەرز باریشی کردنەوە لەسەر ئەوەی کە پارەیەکی زۆریان سەرفکردووە و مەسرۆفێکی زۆر لە هەولێر دەکرێ ! ! !

بێگومان لە کاتێکدا ئەم بڕیارەش دەردەچێت کە ئێمە مانان لە ڕێگای پەیوەندیەکی دۆستانەمانەوە لەگەلّ ڕێکخراوێکی هۆلەندیەوە توانیبوومان دانیشتنێك بکەین و پاشان قەناعەتیان بەوە هێنا لە ماوەیەکی کەمدا یارمەتی و پێداویستی ڕۆژنامە و چاپخانە دابین بکەن، ئەو ڕێکخراوەش ناوی ( ڕێکخراوی کەنائیسی جیهانییە بۆ ئاشتی) لە سەر دانێکیاندا بۆ کوردستان بەمەبەستی یارمەتی دانی ئەو دەزگا و ڕۆژنامە ئەهلیانەوە هاتبوو کە کار بۆ بەدیموکراسی کردن و بەمەدەنی کردنی کۆمەلّگا دەکەن، من و دوو برادەری نووسینگەی هەولێر لە هوتێلی ( چوار چرا) دانیشتنمان لەگەلّدا کردن و بەیانیەکەشی هاتنە نووسینگە و ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی لەسەر یارمەتیدانی هاولآتی، ئەوە بوو لە ماوەیەکی کەمدا ئەو وەعدەی بە ئێمەیاندا بوو جێبەجێیان کردوو هەندێ لە کەل وپەلی ڕۆژنامەوانی و بە بڕی ( سی هەزار) دۆلاریش پێداویستی چاپخانەیان بۆ کڕین و پاشان گواسترایەوە بۆ چاپخانەی ڕەنج لە سلێمانی بەو نیازەی ئەو چاپخانەیە سەر باری کاری هەفتەنامەکە بلآو کراوەو شتیتریش بە چاپبگەیەنێ سەرمایەکەشی بگەڕێتەوە ناو میزانیەی هاولآتی، بەلآم تا ئێستا بە کردەوە ئەو وەعدە جێبەجێنەکراوە.

سەرباری ئەو هەموو ئیمکانیەتەش خاوەن ئیمتیاز سیستەمی موکافەئات بەسەر پەیامنێرەکانی دەچەسپێنێ، بێ ئەوە بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو کارەی ئەو کاری گەری دەبێت بەسەر ڕووحی گەرموو شۆڕشگێڕانیەکانی ئەو پەیامنێرانە کە لەوەو پێش بەخۆبەخش و پارەیەکی ڕەمزی کاریان دەکرد، بەلآم ئێستا بێ هیوا بوونەو بە گومانەوەش چاو دەبڕنە ئایندەی هاولآتی ئەو گومانەش لەوە وە سەر چاوەی گرتووە کە ئێستای حالّی هاولآتی بەئاشکرا هەستی پێدەکرێ کە لەڕووی سەرمایەی ماددی و مەعنەویەوە گەشەدەکات و پیاوانی کوتلەکەش دەیانەوێ تەواوی دەستکەوتەکان بخزێتە ناو گیرفانی ئەوان و ئەمانی تریشی لێبێبەشبکرێت، لەو لاوەش شەوانی خاوەن ئیمتیازو دۆستانی لە هوتێلەکان ( سەد) تا (دووسەد) دۆلاری تێدەچیَو کەسیش نیە بە جەنابیان بلّێت لە پشت چاوتان دوو برۆ هەیە ! ! پەیامنێرە بە موکافەئە کراوەکانیشیان نەك هەر مووچەکانیان بڕاوە بەلّکو بەگوێرەی سیستەمی موکافەئاتەکەش مانگ نا مانگێك موکافەئاتەکە وەر دەگرن، بێجگە لەوەش جەنابیشیان لە نووسینگەکاندا هەندێ (وەزیری بێ وەزارەتیان) تەعین کردووە وەك ئەوەی هاولآتی دەزگایەکی خێرخوازی بێت ! ! ! پەیامنێرانیش کە ڕۆژ تا ئێوارە بەدوای هاوالّێك وێلّ و وا وەیلا بووینە بە (بیست وپێنج) دینار پاداشت دەدرێنەوە و ئەمانیش دەوامیان لە جیاتی ( ڕۆژ) ئێوارانە ! ؟.

شایانی باسە من کە دووجاران بەئاشکرا دەستم لەکار کێشاوەتەوە جارێکیان لەبەر ئەوەی خانمێکی سلێمانی بە بەر چاوی نووسینگەی هەولێر گوتی ئێمە سەنتەرین و ئێوەش پەراوێزن، ئەو کاتە دەستم لەکار کێشایەوە دواجاریش ئەو بڕیارو سیستەمە موکافەئاتیەو فەسادیەی ناو هەیکەلی ئیداری هاولآتی وایکرد دەست لەکار بکێشمەوە وەزۆر جارانیش چ بەقسە چ بەنووسین بەبرادەرانی نووسینگەم گوتووە ئەو سلووکەی ستافی سلێمانی بەرامبەر بە هەولێر ئەخلاقی و مرۆڤ دۆستانە نیە، چوونکە بەئاشکرا هەست بەوە دەکرێت لەڕێگای ( پەراوێز کردن) و( برسیکردن) دا دەیانەوێ تواناکانی برادەرانی هەولێر کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی لەدواجاردا ئیمتیازەکە تەنها بۆ کوتلەکەی خۆیانبێ، وەك برادەرانی هەولێر دەزانن گرفتێکی زۆری ئیداری و ئابووری لە نووسینگەدا

هەیە هەر بۆ ئەو مەبەستەش زۆر جاران داواکراوە چ بەشداری کۆبونەوەکان بکەین بەیەکەوە چ سەرنووسەر بۆ خۆی بێتە هەولێر تابەیەکەوە دابنیشین و گرفتەکانمان چارەسەر بکەین، بەلاّم نەکۆبوونەوە فرەوانیەکە لە کاتی خۆی گیراوە نەسەرنووسەر بەدەنگ بانگەوازەکەی ئێمە هاتووە، بەس کاتێك ئەو ڕێکخراوەی ئەوی بردبووە هۆڵەندا و یارمەتی باشی دابووە هاولاّتی لەسەر دانی دووەمی بۆ کوردستان ئیدی سەر نووسەر دەم و دەست هاتە هەولێر و چاوی بەبرادەرانی ڕێکخراوەکە کەوتوو ئەمانیش بری ( دە هەزار) دۆلاریان بۆ پێداویستیەکانی چاپخانەو کرینی مۆبائیل و شتیتر سەرفکرد، جەنابیشی دوای ئەو دەستکەوتە لە تەنها ڕۆژێك زیاتر لە هەولێر نەمایەوە ؟ ! ! !

لەکاتێکیشدا ئەو یارمەتیانە بۆ هاولاّتی سەرفدەکرێت کە ستافی سلێمانی بەناوی ( تەقەشوفاتەوە) پارە بۆ دەرمانش ناداتە کارمەندەکانی. بێگومان ئەو مەهزەلانەی ناو هاولاّتی ئیکتیفای نەکردووە بەو چەند قیرانانەوە بەڵکو دەستی کوتلەچیەکانیش گەیشتۆتە ( تایپست) و ( هەڵەچن) و( نەخشەسان) ە کانیشەوە کە بەهەوەسی خۆیان ( هەوال) و (راپۆرت) و (ڕیپۆرتاژ) و (چاوپێکەوتن) و ( وتار) یان زیادو کەمدەکردو بە ئەسەفەوەش لەدواجاریشدا بە داوی لێبوردنێك برادەرانی هەولێر لە هەقی خۆیان خۆشدەبوون؟ ! ! !

هەڵبەتە ئەو سیفەتوو ئاکارانەی ناو هاولاّتی بە تایبەتی ئەوانەی سلێمانی وای لە زۆرێك لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسانکردووە کە ئارەزووی ئەوە نەکەن لە هاولاّتی دا کاربکەن، چونکە وەك مانگی چواردە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەی بیەوێ لە هاولاّتیدا کاربکات بێگومان سەرەتا دەبێ بیر لە ( کودەتا) بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ وەك کارمەندێك کاربکات، گەر ( کودەتا) نەکات ئەوە پیاوانی ناو کوتلە چیەکان هێندەزۆرن بوار بۆ (دەنگی تازە) و ( ڕەنگی تازە) ناکەنەوە بۆ یە بە کودەتا نەبێت دەسەلاّتی باوکایەتی خۆیان واز لێناهێنن......

٢٥ / ٢ / ٢٠٠٣

هـــــــەولێر
dlzar20@yahoo.com

تێبینـــــــی :

ئەم بابەتەم بۆ هەفتە نامەی هاولاّتی ڕەوانە کرد تا بلاّوی بکەنەوە

بەلاّم بلاّویان نەکردەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت